# راگەیاندنو دەسەڵاتی کوردی .. قەیرانی پێوەندیەکان

**زوبێر ڕەسول**



**ڕۆلی سەرەکی راگەیاندن بریتییە لە تێگەیشتن و گوزارشت کردن لە ڕای گشتی باوی نێو کۆمەڵگا، بەئاراستەی دروستکردنی بیروڕاییێکی دیاریکراو لەلای جەماوەرو خەڵکدا ، لەگەڵ پەردەهەڵماڵینو ئابڕوبردنی گشت هەڵەو سەرپێچیەکان.** (**غاندی**)

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی راگەیاندنو بوارە جۆراوجۆرەکانیدا، پێوەندیەکانی نیوان راگایەندنو دەسەلاَت جۆرێگ لەگرژیو ناکۆکیو هەلبەزو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە،بەپێی فۆڕمو جۆری ئەو سیستەمە سیاسیو کۆمەلاَیاتیو کولتوریانەی کە ئەم پێوەندیەیەیان لەسەر بنیاتنراو، ئەم کێشەزایە وەك (دێڤد ساکسمان) دەلێت بەزۆری لە دوو ئاستدا بە دیار دەکەوێت، ئاستی یەکەم، بریتییە لەپێوەندییێکی دژگەرانەو ناهاوکار لەگەڵ دەسەلاَتدا، ئەم فۆرمە زیاتر لە سیستەمە لیبراڵو ئازادەکاندا ئاکتیڤەو ئامادەباشی هەیە، بەتایبەت کە ئامرازەکانی راگەیاندن رۆڵێکی چاودێرو کاریگەر دەگێرن لە پێدانو دەسگەیشتن بە زانیاریو جموجوڵە حکومیەکان بە جەماوەرو پەخشکردنو ئاشکراکردنی بەئازادی بەسەر گشت توێژەکانی کۆمەڵدا، لەم فۆرمەدا هەرچەندە دەزگاکانی راگەیاندن هاوتاو هاوشانی دەسەلاَت نین، بەلاَم ئەمە هەرگیز ناگاتە ئاست رێگرتن لەئازادی راگەیاندنو گرتنو راپێچکردنی کارمەندانی راگەیاندن. بەڵکو دەسەلاَت هەمیشە بۆ بەدواداچونو بنیاتنانەوەی کارەکانی پشتێکی گەورە بە بوارەکانی راگەیاندن دەبەستێ، تادەگاتە کاریگەریان لەدارشتنی سیاسەتی گشتی ولاَتو بڕیاڕسازیە ستراتیژیەکاندا،بەلام ئەوەی تایبەتە بە جۆری دووەم، بریتییە لە ڕاگایەندنی هاوکارو هاریکار لەگەڵ دەسەلاَتدا، ئەم فۆرمە بەگشتی لەسیستەمە نالیبراڵو نادیموکراتو دیکتاتۆرەکاندا باوە، بەتایبەت لەسیستەمە کۆمۆنیستیەکاندا، چونکە لەفەلسەفەی کۆمۆنیزمدا راگەیاندن بەر لەهەر شتێك ئەبێ ئەرکی پەخشکردنی پەیامی دەسەلاَتو ئاراستەکردنی جەماوەر بێت، نەك رەخساندنی بیاڤێکی تایبەتو ئازاد کە بۆ دواجار تاكو خەڵك سەربەستو سەرپشك دەبێت لە پێدانی متمانەو پشتڕاستکردنەوەی راستیەکاندا. ئەم بۆچونە پێیوایە خەڵكو جەماوەر ئەبێ هەمیشە لەژێر چاودێری دەسەلاَت دابن، چونکە رای خەڵك زیاتر راییێکی نائاقلانی و شێلگیرانەیە هەمیشە پێویستی بەڕەگەزی رێکخستنو ئامادەکردنە لە لایەن دەسەلاَتدا، لەم ئاستەدا نەك دەسەلاَت گوێ لەپەیامی راگەیاندن ناگرێت، بەڵکو هەمیشە وەك مەترسییێك دەیبینێ بۆ سەر گیانی دەسەلاَتو دامەزراوە سیاسیەکاندا، بەداخەوە ئەم شێوازە تا ئێستاش لەزۆربەی ولاَتانی رۆژهەلاَتی ناوین بە وەك میراتو سیستمێك ماوەتەوەو دەسەلاَتی کوردیش بەشێکی باشی ئەو میراتەی بەرکەوتووە. هەرچەندە ناتوانین ئەوە بلێین کەبەتەواوی راگەیاندنو سیاسەتو دەسەلاَت هیچ پێوەندیەك کۆیان ناکەتەوە، بەڵکو هەمیشە جۆرێکی تایبەت لەپێوەندی هەیە لەنێوانیاندا، بەلاَم لەهەمان کاتدا هەربوارێك لەم بوارانە خاوەن تایبەتمەندێتیو دیدگا بینی خۆیەتی بۆ پرسە سیاسیو کۆمەلاَیەتی فەرهەنگیەکان، راگەیاندن هەرگیز ناتوانێنێت بەچاوی دەسەلاَت هەموو کردەوەکانی دەسەلاَت بەباشو پیرۆزیەوە ببینێت، بەلاَم وەك برناردشۆ دەلێت کارەسات لەوەدایە کە دەسەلاَت زوربەی کات لەدەست کەسانێکی بێتواناو ناکاراو پەککەوتە دایە، هەر بۆیە ئەم پێوەندیە پەیامێکی نەفیکردنو رەتکردنەوەی لەناخی خۆیدا حەشارداوە، کەسەرەنجام ئەگەری ئەوەی لێبەدیدەکرێت کۆمەڵگاو گشت کایە کۆمەلاَیەتی سیاسیەکانی تر بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا بەرێت، ئامادەبوونو دەرکەوتنی ئەم شێوازە ناتەندروستە لە نێوان دەسەلاَتو راگەیاندندا، هەمیشە دەسەلاَت بەرپرسە لەئاراستەکردنو وێرانکردنیدا، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە:

1- تێنەگەیشتنی دەسەلأت لەناوەڕۆکی پەیامی راگەیاندنو ئەرکە سەرەکیەکانی رۆژنامەگەری لەووڵاتی ئێمەدا، بەتایبەت ئەو ئەرکەی کەدەکەوێتە سەرشانی دەسەلأت لەرێزگرتنو هەماهەنگیو کارئاسنیکردن بۆ ئەو پەیامە کە بۆ دواجار هاریکاری دەسەلأتو کۆمەل دەبێت لەتیشك خستنە سەر ئەو کەلێنو ناتەباییانەی کە دەسەلأت ناتوانێت پەیان پێبەرێت.

2- دەسەلأت نەیتوانیوە گەرەنتییێکی یاسایی بۆ ئەو پێشێلکاریو تەگەرانە بڕەخسێنێت کە دەخرێنە بەردەم ئازادیەکانی راگەیاندنو نەك ئەوە بەڵکو خۆی بەشێکی گەورەی ئەم پێشلکاریانەیە کە رۆژانە لێرەو لەوێدا روو دەدەن.

3- دەسەڵاتی کوردی تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت نەیتوانیوە رۆڵێکی بێلایەن و یاساییانە بگێڕێت لەنێوان دامەزراوە حکومیو حزبیەکانیدا کەدەکەونە بوارێکی ناکۆکو ئالۆز لەگەڵ یەکتردا، ئەمەش بەپلەی یەکەم گوزارشت لەپەراوێزبوونو بێهێزی یاسا دەکات کە کائینێکی تاسەر ئێسقان پاشکۆی دەسەڵاتە.

کەچی بەهەمان شێوە چەند بەرپرسیارییێکی ئەخلاقیانەش هەیە کەپێویستە راگەیاندن ئەداو رۆڵێکی سیاسیانەی تێدا بگێرێت بۆئەوەی پەیامی راگەیاندن رێڕەوێکی ساغلەمو دروست وەربگرێت، وەك:

1- پەیامی راگەیاندن ئەبێ بەجۆرێك لەجۆرەکان گوزارشت بێت لە پەیامی خەڵك بەدوربێت لەکۆنترۆلکدنی ئەم پانتاییە لەلایەن دەسەڵاتەوە، چونکە راگەیاندن پەیامێکە کەخەڵك لە رێگایەوە رۆڵێکی سانسۆر ئامێزی تیادا دەگێڕیت بەسەر دەسەڵاتدا.

2- پێویستە راگەیاندن ئازادو سەربەستانەو بوێربێت لە ئاراستەکردنی پەیامی ئاکاریانەی خۆیدا، بەدور لەگوشارەکانی دەسەڵاتدا بۆئەوەی متمانەی خەڵك لەدەست نەداتو هەمیشە گوزارشت لەویستی جەماوەر بکات.

3- هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو رەچاوکردنی بەرژوەندی گشتی، بەشێکی سەرەکی پەیامی راگەیاندن پێکدێنێت، هەرکاتێك راگەیاندن ئەم پەیامەی لەدەستدا ئەبێ چاوەرێ بارودۆخێکی مەترسیدارتر بکەین.

بەلام ئەمە هەرگیز ناگەیەنێ کەبوارەکانی راگەیاندنو رۆژنامەگەری لەکەتوارێکی دورەپەرێزدان لەسیاسەت، بەڵکو هەمیشە جۆرێگ لە غەریزەییێکی چێژئاساو تامەزرۆبوون بۆ نزیکبوونەوە لەناخی هەریەکێك لەم دوو بوارەدا ئامادەیە، ئەمە بەڕوونی دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت لەئەزمونی ئێستای پرۆسەی دەسەڵاتی کوردیدا، چونکە رایەڵەکانی دەسەلأت جۆرە غەریزەیێکی سادیانەیان تیادا ئامادەیە بۆ داگیرکردنو مۆبالیزەکردنی بوارەکانی راگەیاندن، دوور نیە ئەم حەزە هاوشێوەی حەزێکی سێکسی نێوان ژنو پیاو بێت، بەلأم چێژێك کەهەرگیز ناگاتە ئۆرگازم. ئەمەش بەرای خۆم لەو رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەسەڵاتی کوردی توشی جۆرێك لەقەیرانی لەدەستدانی متمانە هاتووە لەنێو جەماوەرو هاوڵاتیاندا، تاکە رێگاییێکیش کەبتوانێ (بەڕای دەسەلأت) خۆی تیادا نمایش ئاکتیڤ بکاتەوەو بتوانێت کاریگەربێت بەسەر رای گشتی کۆمەڵدا، بریتییە لەئیحتواکردنو خەساندنی راگەیاندن. بەتایبەت لەکۆمەلگای ئێستادا کەگلۆبالیزمی بوارەکانی رێکلامو شەپۆلەکانی گەیاندن توانیوانە رۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە ئاراستەکردنو داگیرکردنی هەستی جەماوەردا، بۆیە لەوانەیە راگەیاندن ئەو هەنگاوە ئەفسوناویە بێت لەروانگەی دەسەلأدا کەبتوانێت رۆڵێکی کارا ببینێت لەنمایشکردنی گوتاری روسپیکردنەوەی دەسەڵاتدا، بۆیە زۆر گەمژەییە کەپێمان وابێت ئەم سەرکردە سیاسییانەی خۆمان بێئاگان لەو گۆڕانە خێرایانەی کەئێستا لەجیهاندا روودەدەن، بەڵکو زۆر بەجدییش خۆیان بۆ ئامادەکردووە، نموونەش بۆئەمە زۆرە تائاستێك نەك هەر تەنیا کەناڵەکانی دەسەلأت ویستویانە راگەیاندنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەڵکۆ کەسایەتیە سیاسیەکانی ناو دەسەڵاتو پارتە سیاسیەکانیش بێبەش نین لەم هەوڵانە، رۆژانە لێرەو لەوەێ لەروپەری رۆژنەمەکاندا دەبیستین کەفلانە دەزگای راگەیاندن یا فلانە رۆژنامە لەلایەن فلانە بەرپرس کۆمەکی پالپشتی دارایی دەکرێت تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە گشت جەمسەرە سەرەکیەکانی ناو هەردوو حزبی دەسەلاتدار خاوەن دەزگاو کۆمپانیاو بلأوکراوەی خویانن. هەر بۆنموونە نێچیرڤان بارزانی خاوەن چەند دەزگاو کۆمپانیاییێکی ئەم بوارەیە، هاوشێوەی دەزگای ئاراس کە ئەرکی چەندەها بلأوکراوە بەرۆژنامەو گۆڤار دەگرێتە ئەستۆ، کەپێویست ناکات لێرەدا ناویان بەرم ئەوانەی ئاگایان لەرەوتی راگەیاندن رۆژنامەگەری بێت لەکوردستاندا ئەم راستیە باش دەزانن، بەهەمان شێوە لەناو یەکێتیشدا خێزانی سەرۆك کۆمار راستەوخۆ سەرپەرشتی زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنی ناو یەکێتی دەکات، بەهەمان شێوە دکتۆر بەرهەمیش راستەوخۆ پالپشتی دەزگای خەندان دەکات کە رۆژنامەی ئاسۆ رۆژانە دەردەکەن، ئەم هەڵوێستەی نەوشیروانو دامەزراندنی کۆمپانیای (ووشە)ش بەهەمان شێوە دەتوانرێت بخرێتە هەمان قاڵبەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەو ماوانەدا دەنگۆی ئەوە هەیە کە کۆسەرت رەسوڵیش پەنابەرێتە بەر دەزگاییێکی راگەیاندن بۆ بەهێزکردنی پێگەو دەسەلاتی سیاسی خۆی لە ناو یەکێتی دا. ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەکەشی راستە، چەندەها کەسایەتی راگەیاندکار لەماوەی زەبەلاحبونی دەسەڵاتی پارتی یەکێتیدا هەوڵیان داوە کارەکانیان بە ئامانجی

نزیکبوونەوە تێکەڵبوون لەگەل دەسەڵاتدا ئەنجام بدەن، کەم نین ئەو رۆژنامەنووسو کەسانەی کە ئێستا لەسایەی نوسینو بلاًوکردنەوەکانیاندا شاهانە لە هۆتێلو ڤێلاکانی شیراتۆنو پالاسو نازسیتیو گوندی ئینگلیزیو..تادا، رۆژدەکەنەوە لەوانەیە چەندانی تریش لەچاوەروانی دابن بۆ گەیشتن بەم کاروانە شاهانەی دەسەلاًت، ئەمە بێجگە لەو شاباشو مێزانەی کەشەوانە لەرەزاندنەوەدان بۆ خەلکی بەناو رۆژنامەنووسو روناکبیران. هەر بۆیە بەشێکی گەورەی ئەو داگیرکاریو گەندەڵکاریەی کەدەسەلاًتی کوردی سالاًنێکە پراکتیزەی دەکات. یاخود بەماناییێکی تر ئەم جۆرە پێوەندیو کارلێکردنە سەقەتەی نێوان راگەیاندن دەسەلات هاوکێشەیەکی بەرهەم هێناوەکە خەریکە لەبواری تیۆریەوە دەگواسترێتەوە بۆ بواری پراکتیك ئەویش ئەو فۆرمەیە کەبریتییە لە: **ئەو لایەنەی دەستبگرێت بەسەر راگەیاندندا دەستیش دەگرێت بەسەر دەسەلاًتدا**، چونکە ئەزموونی پاوانکردنی راگەیاندنو رۆژنامەگەری حزبیو ئۆرگانی حزبی، ئەوەی سەلماند کەهەرچەند راگایەندن و رۆژنامەگەری گوزارشت بێت لە پەیامی دەسەلات، ئەوندە بێمتمانەی خۆی دەسەلمێنێ لای جەماوەردا، ئەمەش بەئاشکرا دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت لە بازاری فرۆشتنی رۆژنامەکاندا، ( هەڵبەتە من ئەمە حساب ناکەم کەهەردوو حزبەکە رۆژنامەکانیان بەسەر هەموو داموو دەزگا حکومی و ئۆرگانەکانی خۆیان دابەش دەکەن، ئەمە شتێکی ترە) بەداخەوە ئێستا باوەرێکی ئەوتۆ لای دەسەلاًتی کوردی گەلاًلە بووە کەدەیەوێت متمانەو رووسپیکردنەوەی خۆی لەرێگای راگەیاندنەوە بگەرێنێتەوە، کەئەمەش بەرلەهەرشتێك مەرگی ناشتنی ئەم چەند هەوڵە بچووکەی لێدەکەوێتەوە کە راگەیاندنی کوردی لەماوەی ئەم سێ چوار ساڵدە بەدەستی هێناوە لە ئەزموونی رۆژنامەگەری ئەهلیو ئازاددا (ئەگەرچی  ئەمەش جۆرێك کەموکورێ تێکەوتووە بەلاًم لەگەل ئەوشدا دەکرێت ئومێد بەخشبێت، چونکە لە سیستمە دیموکراسیەکاندا پێوەندی دەسەلاًتو راگەیاندن لە سەر بنەمای ترس گومان بنیاتنەنراوە، بەقەد ئەوەی هەردوولا هاوکار دەبن لەئاشکراکردنی خاڵە لاوازەکانی یەکتری. لەم چەند ساڵەدا ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەتوانین بلێین کە ئاستەکانی پێشکەوتنو بەدیموکراسیبوونی لە بواری راگەیاندندا پێش بەدیموکراسیبوونی دەسەلاًتو سیستمی سیاسی کەوتوون، کەچی ئەمە دەبوایە رێك پێچەوانە بێت، بەو مانایەی دەبوایە سیاسەت پێشرەوی هێنانەکایەی ئەم بارودۆخە ئازادە بوایە، ئەمە لەهەمان کاتدا گوزارشت لەوەش دەکات کە رەوتی پێشڤەچوونی پرۆسەی سیاسیو کۆمەلایەتی لەکوردستاندا لەدەسەلاًتەوە نیە بەڵکو لەکۆمەڵگاوەیە، کەچی کارەسات لەوەدایە کەدەسەلاًت لە بری ئەوەی خولقێنەرەی ئەم بوارە گشتیەیی ئازادیە مەدەنیو سیاسیەکان بێت، هەمیشە لەبەرەی رێگریش دابووە. بۆیە بۆ سەر لەنوێ راستکردنەوەی ئەو بارە لاسەنگو ناتەندروستەی کە ئێستا دەسەلاًتی سیاسی پێدا گوزەر دەکات لە کوردستاندا هاوشێوەی زەنگێکی مەترسیدارەو هیچی وای کەمتر نیە لەو هەوڵە سەرکوتکەرانەی کەلەسیستمە تۆتالیتاریەکاندا پرۆگرامئاسا پراکتیزە دەکرێت بەئامانجی داگیر کردنی گشت بوارە مەددەنیو تایبەتیەکاندا کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت رەوتی پرۆسەی سیاسی بە ئاراستەی قەیرانێکی نادیار بەرێت کەتا سەردەمانێك نەتوانرێت تێیپەرینیو کاریگەریە مەترسیدارەکانی بسرینەوە لەبوارە سیاسیو کۆمەلاًیەتیو کولتوریەکاندا.